

# ئەندازنامە
# ANDAZ CHRONICLE

Discover the legacy
Shape the Future: A
Journey of Transformation

گەشتێک بە ناو مێژوو و دابونەریتدا
لە بیری چاکەوە بۆ کرداری چاک؛ دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زەردەشتی لە
جیهانی مۆدێرندا

**ژمارە 1 ، یەکی پێنجی 2026**

**نووسینی: ئەنداز حەوێزی**

# پێش گووتار

**خۆش هاتن بۆ بڵاوکراوەیەک کە ژیری دێرینی زەردەشتی بە ژیانی هاوچەرخ دەبەستێتەوە.**
**هەر دوو مانگ جارێک چەپکێک لە ڕەهەندی فەلسەفی، فەرهەنگی و نەریتی زیندووی زەردەشتی وێنا دەکەین.**
**لە مانای جەژنەکانەوە تا ئەستەنگییەکانی ژیانی ئەخلاقی لە جیهانێکی ئاڵۆزدا. پێکەوە ئاوەڕێک لەو ڕەگو ریشە کۆنانەی دەدەینەوە کە سنووری جوگرافی خۆیان بەزاندووە.**
**بە زمانەکانی سویدی، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش ئاسۆیەک بۆ گفتوگۆ و ، تێرامان و لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی جیهانیدا پێکدەهێنێت.**

**بگەڕێ. تێبگە. ژیانێکی خۆش دروست بکە.**

---

## لەم ژمارەیەدا

یەکەم پرسیار کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە: بۆچی زەردەشتیگەری؟ ئەمە بابەتی سەرەکییە کە دەمەوێت لە بەشی یەکەمی ئەم بڵاوکراوەدا لە ڕێگەی سێ وتارەوە شرۆڤە بکەمەوە:

**1 - دین، پەرستن ، فرقە و تایفە. ل ٣**
جیاکردنەوەیکی چەمکی لە نێوان دین، عێبادەت و فیرقە و تایفە: توێژینەوەیەک لەسەر بنەمای زانستی بەراوردکاری دینەکان و جێبەجێکردنی لەسەر حاڵەتی کوردیدا.
**2 – زەردەشیتگەری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ل ١١**
نوێسازی گفتمانی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: میراتی مرۆڤگەرایانەی زەردەشتیگەرایی و بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی.
**3 - زەردەشتیگەری و ناسنامەی کوردی. ١٥**

---

**تێبینی: لەم گووتارانەدا دوو واژەی (دین) و (ئایین) بە واتە ڕەسەنە ئاوێستاییەکەیان بەکارهاتوون.**
**دین: واتە Religion . لە ڕیشەی ئاوێستایی *daēnā* بە مانای « ویژدان) و ریشەی پەهلەوی ( DÌN) کە بەواتای باوەڕ دێت. ئەمڕۆ لە عەرەبیدا و فارسیدا بەهەمان واتا فراوانەکەی ماوە.**
**ئایین: واتە، (Ceremony, Rituals ) لە ڕیشەی پەهلەوی ((*āyēn*))وە : بە مانای « نەریت ڕێورەسم، طقوس. » دێت. زۆرجار بۆ لایەنی پراکتیکی، ڕێوشوێن و نەریتەکانی دین یان کەلتوور بەکاردێت .**

**ئەم بڵاوکراوەیە بە چەندین زمان بڵاو دەکرێتەوە .**
**گەر حەز دەکەی بەشداری بکەیت یان ژمارەکانی داهاتووت پێبگات ، ئیمەیڵێک بنێرە بۆ :**
**( kza110111@gmail.com ) و زمان یان زمانە ئارەزووکراوەکان دیاری بکە.**

# 1

# دین، پەرستن ، فرقە و تایفە

# Religion, Worship, Sect, and Denomination

**جیاکردنەوەیکی چەمکی لە نێوان دین، عێبادەت و فیرقە و تایفە: توێژینەوەیەک لەسەر بنەمای زانستی بەراوردکاری دینەکان و جێبەجێکردنی لەسەر حاڵەتی کوردیدا.**

وتارەکە ئەم چوارچێوە تیۆرییە بەکاردهێنێت بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژووی دینی کوردی بە مەبەستی پۆلێنکردنێکی وردتر بۆ پێکهاتە دینیەکانی.


پوختە

ئەم توێژینەوویە هەوڵ دەدات چوارچێوەیەکی تیۆری پێشکەش بکات بۆ جیاکردنەوەی چوار ئاستی سەرەکی لە دیاردە دینیەکاندا :دین، پەرستن، فرقە وتایفە. ڕێبازێکی پێکهاتەیی بەکار دەهێنێت کە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکان، مرۆڤناسییەکان و هێماییەکان لە توێژینەوەی دینیدا تێکەڵ دەکات، ئەم وتارە ئەم چوارچێوە تیۆرییە لەسەر مێژووی دینی کوردان جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی پێکهاتە دینییەکان لە چوارچێوەیەکی شیکاریی وردتر دا دوبارە پۆلێنبکات.

ئەنجام:

ئەو ئەنجامەی کە وتارەکە پێی دەگات، ئەووەیە کە «دین» بە واتای سیستەمی گشتگیر، بە تایبەتی لە زەردەشتی و ئیسلامدا جێبەجێ دەبێت، لە کاتێکدا ئێزیدی، یارسانی و عەلەویی کوردی دەچنە چوارچێوەی تایفەی کۆمەڵایەتی-دینی. هەروەها قوتابخانە فەقهی و عەقیدەییەکان لە ناو ئیسلامدا وەک فرقە (تیرە) دەبینرێن.


وشە سەرەکییەکان :دین Religion ، پەرستن Worship ، فرقە Sect ، تایفە Denomination .

یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

١ .ڕوانگەی ناوەڕۆکی (Durkheim)

بەپێی ئێمیل دورکایم، دین سیستەمێکە لە باوەڕ و کردەوە پەیوەندیدار بە شتە پیرۆزەکان کە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو دروست دەکات.[1]

٢ .ڕوانگەی کارکردی (Weber)

ماکس وێبەر دین وەک سیستەمێک دەبینێت کە مانا بە جیهان دەبەخشێت و ڕەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکات.[2]

٣ .ڕوانگەی هێمایی (سیمبۆلیک) (Geertz)

کلیفۆرد گێرتز دین پێناسە دەکات وەک سیستەمێکی سیمبۆلیکی کە جیهانبینی دروست دەکات و واقعیەت مانادار دەکات.[3]

٤ .پێناسە

بەپێی ئەم سێ ڕێبازە، دەتوانرێت پێناسەیەکی تێکەڵکراو بۆ دین پێشکەش بکرێت کە پێکهاتووە لە :

- ڕەهەندی باوەڕی (بەرز)
- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (هاوبەش)
- ڕەهەندی هێمایی (کەلتووری)
- ڕەهەندی کارکردی (ڕێکخستنی واتا و ڕەفتار).

بەپێی ئەمە، لەم وتارەدا دین بە شێوەی خوارەوە پێناسە دەکرێت:

دین سیستەمێکی گشتییە لە باوەڕ، فەرهەنگ (سیمبۆلیسم) و یاسا کە لەسەر سەرچاوەیەکی بەرز دامەزرابێت و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ڕەها، جیهان و کۆمەڵ ڕێکدەخات و چوارچێوەیەکی فراوان بۆ واتا، ناسنامە و ڕەفتاری تاکی و کۆمەڵایەتی دابین دەکات.

## دووەم: چوارچێوەی چەمکی

1 – پێناسەی دین

دین، سیستەمێکی گشتگیرە لە باوەڕ، یاسا، ڕەوشت ، کە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ڕەها (مطلق) ڕێکدەخات.

هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ: خۆی، کۆمەڵگە و جیهان ڕێکدەخات.

دین ژیانی مرۆڤ لەم بوارانەدا ڕێکدەخات: ڕەهەندی باوەڕی، عێبادەتی، ڕەوشتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی (حوکمڕانی).

و زۆرجار ئەمبابەتانە لەخۆدەگرێت:

- دیدێکی گەردوونی بۆ بوون
- سیستەمی باوەڕی دیاریکراو
- سیستەمی عێبادەتی ڕێکخراو
- چوارچێوەی ئەخلاقی
- یاساکانی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی
- دیدێک بۆ واتا و چارەنووسی مرۆڤ

بەپێی ئەمە:

دین تەنها ئایین ( دابو نەریت – مەراسیم) نییە، بەڵکو سیستەمێکی گشتگیری سیمبۆلیکی (فەرهەنگی) و یاساییە.

وەک: ئیسلام، مەسیحیەت، و زەردەشتیگەرایی (بە شێوە کلاسیکییەکەی)

2 - پەرستن، عیبادەت

پەرستن ئاماژە بە ڕەهەندی نەریتی و کرداری لە پەیوەندی لەگەڵ پیرۆزدا دەکات، و ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1 – نوێژ .

2 – دوعا، نزا.

3 – قوربانی.

4 – زیارەت.[4]

5 – بۆنە دینیەکان.

6 – ڕێورەسمی بە کۆمەڵ.

پەرستش یا پەرستن نوێنەرایەتی سیستەمێکی دینی سەربەخۆ ناکات، بەڵکو ئاستی دەربڕینی دیاردەی دینیی پیشان دەدات.

3 - فرقە، تیرە.

پێکهێنانێکی مەزهەبییە لە نێو دینێکی گەورەتردا، کە بە لێکدانەوەیەکی دیاریکراو بۆ دەق، مەزهەب، یان دەسەڵاتی دینی دەناسرێتەوە، بەبێ ئەوەی لە چوارچێوەی سەرچاوەی گشتی دین لابدات .

مەزهەبەکان بەزۆری بەم شێوەیە دەناسرێن :

-جیاوازیەکی سنووردار لە عەقیدەدا (باوەڕ) .

-سەر بە دینێکی سەرەکییە.
-هەبوونی کەلەپوورێکی ڕۆشنبیری دیاریکراو
- توانای بڵاوبوونەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی تاکە گروپێکی نەژادیدا.
فرقە لقێکی ناو دینە کە ڕاڤەیەکی تایبەتی هەیە بەڵام هەمیشە لە ناو دینێکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە.[5]

4 - تایفە
تایفە، ئاماژە بە گروپێکی دینی تارادەیەک داخراو دەکات کە تایبەتمەندییەکی ئیتنیکی مێژوویی دیاریکراوی هەیە، کە لەسەر بنەمای ناسنامە و ئینتیمای کۆمەڵایەتی بەهەمان ئەندازەی باوەڕ دامەزراوە. بۆیە لە رواڵەتی دینەوە نزیکترە.
رواڵەتەکانی :
میراتگەرایی دینی.
داخراوی ڕێژەیی، کراوە نییە.
بڵاوبوونەوەی سنووردار.
مەرکەزییەتی سیمبول و ڕێوڕەسمەکان.
پەیوەستە بە ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتیەوە.
وەسفکردنی گروپێک وەک تایفە هەڵگری حوکمی رەها نییە، بەڵکو شرۆڤەیەکی شیکارانەیە بۆ پێگەی پێکهاتەیی لە نەخشەی دیاردە دینیەکاندا.
بە کورتی، تایفە کۆمەڵەیەکی دینی-کۆمەڵایەتییە کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و دینی تێیدا تێکەڵ بووە، و زۆرجار بە شێوەیەکی داخراو دەمێنێتەوە.[6]
5 - پەیوەندی نێوانیان
دین ← سیستەمی گشت
فرقە ← لقی ناو دین

تایفە ← کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی-دینی

پەرستن ← ئاستی کرداری هاوبەش

## سێیەم: جێبەجێکردن لە مێژووی دینی کورددا

### ١. زەردەشتیگەرایی وەک دین

زەردەشتگەرایی یەکێکە لە دیارترین مۆدێلە مێژوویەکانی دینێکی سیستماتیکی گشتگیر لە جیهانی ئێرانی کۆندا کە بریتییە لە: بیروباوەڕی یەکتاپەرستی ئەخلاقی، دەقی پیرۆز، سیستەمی ڕێوڕەسمی دینی، تێگەیشتنێکی گەردوونی بۆ ململانێی نێوان چاکە و خراپە، و ڕۆڵی شارستانی لە داڕشتنی پێکهاتەی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی.

هەروەها زەردەشتگەرایی یەکێک بوو لە چوارچێوە دینیە سەرەکییەکان کە لە بواری کەلتووریی ئێراندا بڵاو بووەوە، کە کوردەکان لە ڕووی مێژوویەوە بەشێکی سەرەکی و دیاریان تێایادا پێکدەهێنینا.[7]

### ٢. ئیسلام وەک دین

ئیسلام نوێنەرایەتی سیستەمێکی دینی گشتگیر دەکات کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

دەقێکی پیرۆز

پێکهاتەیەکی مەزهەبی

سیستەمێکی یاسادانان

چوارچێوەیەکی ئەخلاقی.[8]

تێگەیشتنێکی گەردوونی بۆ بوون.

ئەمڕۆ ئیسلام بووە بە فراوانترین چوارچێوەی دینی بۆ کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی لە نێو بازنەی سوننەی شافعیدا.

## ٣ .فرقەکانی ناو ئیسلامی کوردی

- شافعی
- حەنەفی
- شیعە
- طریقتە سۆفییەکان

## ٤ .تایفەی کۆمەڵایەتی-دینی

ئێزیدی، یارسانی و عەلەویی کوردی وەک تایفەی دینی دەبینرێن بەهۆی:

- پەیوەندی بە ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک داخراو .
- بلاونەبوونەوەیان، یاخود بڵاوبوونەوەی سنووردار لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتییان.
- پشتبەستنێکی زۆر بە نەریتی زارەکی.
- مەرکەزییەتی هێما (رمز) وئایینە بە کۆمەڵەکان (الطقوس الجماعية).
- پێکهاتنی مێژوویان لە چوارچێوە و ئاسۆی ئیسلامی میانەڕەودا.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت وەک تایفەی دینی مێژوویی پۆلێن بکرێن نەک وەک دینێکی گشتگیر بەپێی مانا سیستماتیکەکەی چەمکەکە.

## ٥ .پەرستن

پەرستن لە شێوەی زیارەت، جەژن، نوێژ و دعا دەردەکەوێت.[9]

## کۆتایی

بەپێی ئەم چوارچێوەیە:

- زەردەشتی و ئیسلام ← دین
- فرقەکان ← لقی ناو دین
- ئێزیدی، یارسانی، عەلەویی ← تایفە
- پەرستن ← ئاستی هاوبەش

## ژێرنووسەکان


1. Émile Durkheim, *The Elementary Forms of Religious Life*, 44.
2. Max Weber, *The Sociology of Religion*, 1–30.
3. Clifford Geertz, *The Interpretation of Cultures*, 90.
4. Victor Turner, *The Ritual Process*, 94–130.
5. Ernst Troeltsch, *The Social Teaching of the Christian Churches*, 331–343.
6. Bryan R. Wilson, *Religious Sects*, 15–40.
7. Mary Boyce, *Zoroastrians*, 1–25.
8. Martin van Bruinessen, *Agha, Shaikh and State*, 25–60.
9. Catherine Bell, *Ritual Theory, Ritual Practice*, 69–93.

نوێسازی گفتمانی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: میراتی مرۆڤگەرایانەی زەردەشتیگەرایی و بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی.

## گریمانە:

جیهانی ئیسلامی ناتوانێت زەردەشتگەرایی وەک دینێکی جێگرەوە بۆ ئیسلام پەسەندبکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانێت ئیلهام لەو مۆدێلە وەربگرێت کە دەکرێت پێی بگوترێت "مۆدێلی کراوەیی زەردەشتی" و سوود لە هەندێک لە ڕەهەندە ڕەوشتی و مرۆییەکانی وەربگرێت وەک بەشێک لە یادەوەری شارستانیەتی هاوبەشی ناوچەکە.

ئەما دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی ڕێکارەکانی نوێبوونەوەی گوتاری دینیی لە ناو خودی کولتووره ناوچەیکاندا.

لەم ڕوانگەوە، «مۆدێلی کراوەیی زەردەشتی» دەتوانرێت وەک چوارچێوەیەکی شارستانی سەیربکرێت کە پشت بە سەنتەرگەرایی (مەرکەزیەتی) بەرپرسیارێتی تاک، بەهێزکردنی ڕۆڵی عەقڵ لە تێگەیشتنی باوەڕ (عقیدة)، توانای جیاکردنەوەی نێوان بوارە ڕۆحییەکان و دەسەڵاتی سیاسی، ڕێزگرتن لە جیاوازی، و بوونی نموونەی مێژوویی بۆ بەشداریکردنی ژنان لە بوارە دینی و کۆمەڵایەتییەکان، دەبەستێت.

ئەم بەهایانە، لە خۆیاندا، مۆدێلێکی جێگرەوە پێکناهێنن بەڵکو بناغەیەکی ڕەوشتی دابین دەکەن کە دەکرێ سوودبەخش بێت لە پەرەپێدانی گوتارێکی دینی هاوچەرخ کە پتر لەگەڵ پێداویستییەکانی دەوڵەتی مەدەنی مۆدێرن بگونجێت.

## نوێکردنەوەی گفتمانی دینی لە چوارچێوەی بەردەوامیی کەلتووریدا

خوێندنەوەی واقیعی کەلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە دەردەخات کە سنوورداری پلۆرالیزمی دینی و مافی کەمایەتییەکان تەنها پەیوەندی بە فاکتەرە سیاسیەکانەوە نییە، بەڵکو

پەیوەندی بە شێوازە کولتوورییە مێژووییە درێژخایەنەکانەوە هەیە کە پەیوەندی نێوان دین و دەسەڵات و کۆمەڵگایان پێکهێناوە. ئەم شێوازانە یارمەتیدەر بوون لە سنووردارکردنی ڕۆڵی عەقڵی تاک لە بواری گشتی و بەهێزکردنی مەیلی دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی نەژادی و دینی و مەزهەبییەوە جیاوازن.

لە زەمینەیەکی وەهادا، چەندین پرۆژەی چاکسازی سکولار سەریانهەڵدا، بەڵام بە گفتمانێکی دابڕاو لە پێکهاتەی هێمایی (ڕەمزی) ناوخۆ، ئەمەش توانای بەدیهێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی جێگیری سنووردار کرد .

بۆیە، ڕێگای ڕاستتر ئەمڕۆ دوورخستنەوەی دین نییە لە بواری گشتی بەڵکو نوێسازیی گفتمانی دینییە لە ناو دەروونی خۆیدا بە شێوەیەک هاوسەنگی دروست بکات لەنێوان پێویستییە ڕەوانیەکانی کۆمەڵگا و بەهێزکردنی عەقڵانیەت، بەرپرسیارێتی تاک، یەکسانی یاسایی، و چەمکی دەوڵەتی مەدەنی.

## میراتی زەردەشتی وەک بەشێک لە بیرەوەری شارستانی ناوچەکە

لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێ میراتی زەردەشتی، نەک وەک دینێکی ئەلتەرناتیڤ بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی فەرهەنگی قووڵی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیربکرێت.

ئەم میراتە دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی ئیلهام بەخش لە بواری ڕەوشت و ڕەفتار و هزردا نیگابکرێت، بەڵام هاوکات ئەوەمان بیردەخاتەوە کە بەهاکانی وەک فرەیی و کراوەیی و بەرپرسیارێتی تاک چەمککەلێک نین کە بە تەواوی لە دەرەوەی ناوچەکەوە هاوردە کراون، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی مێژووییان هەیە لە چوارچێوەی پێکهاتەی شارستانی ناوچەکە خۆیدا.

## بنەماکانی ئیلهام لە خوێندنەوەی مرۆڤدۆستانەدا بۆ زەردەشتیگەرایی

خوێندنەوەیەکی مرۆڤدۆستانە بۆ نەریتی زەردەشتی چەند پێکهاتەیەک پێشکەش دەکات کە دەکرێ لە پرۆسەی نوێکردنەوەی گوتاری دینی هاوچەرخدا سوودبەخش بن، لەوانە:

1 - جەختکردنەوە لەسەر ناوەندگەرایی (مەرکەزیەتی) خواستی ئازاد و بەرپرسیارێتی ڕەوشتیی تاکەکەس.

2 -پتەوکردنی پەیوەندی نێوان باوەڕ (ئیمان) و بیری هۆشمەندانە(عەقڵانی)، بە شێوەیەک کە ڕێگە بدات بە فراوانکردنی بازنەی ئیجتیهادی دینی و لێکدانەوە (تفسیر).

3 - توانای پاراستنی شوناسی دینی بەبێ پەیوەندییەکی دامەزراوەیی پێویست بە دەسەڵاتی سیاسیەوە.

4 – نەبوونی (تەکفیری) ڕێکخراو بەرانبەر بە کەسانی جیاواز لە ڕووی دینیەوە.

5 - هەبوونی نمونەی مێژوویی بۆ بەشداری ژنان لە هەردوو بواری دینی وکۆمەڵایەتیدا.

6 – بەردەوامی پرۆسەی شرۆڤەی دینی بەدرێژایی مێژوو بەبێ پچڕانی تەواو لەگەڵ سەرچاوە بنەڕەتییەکان.

ئەم پێکهاتانە نابێت وەک مۆدێلی ئامادەکراو بۆ جێبەجێکردن تێبگەین، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی ڕەوشتی، کە دەتوانرێت لە پرۆسەکانی چاکسازی دینی هاوچەرخدا سوودی لێببینرێت.

## بنەمایەکی ڕەوشتیی هاوبەش

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ دینی زەردەشتی وەک یەکێک لە دەرکەوتە سەرەتاییەکانی ڕوانگەیەکی ئەخلاقی سەیر بکرێت کە جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی مرۆڤ دەکاتەوە لە بڵاوکردنەوەی چاکە (خێر) لە جیهاندا، نەک خەبات بۆ قۆرخکردنی حەقیقەتی ڕەها یان خاوەندارێتی لێکدانەوەکەی.

ئەم ڕووانگە ڕەوشتییە، لە هەندێک لێکدانەوەی مێژوویی و هزریدا وەک سەرەتای چەمکێکی سیاسی دەبینرێت کە ڕەوایی (شەرعییەتی) دەسەڵاتی سیاسی بە بنەمای دادپەروەری و ڕێکخستنی ئەخلاقییەوە دەبەستێتەوە، نەک تەنها بە قۆرخکردنی لێکدانەوەی دینی. ئەمەش

لەگەڵ چەمکی دەوڵەتی مەدەنیدا دەگونجێت، دەوڵەتێک کە وەک چوارچێوەیەکی گشتگیربێت بۆ هەموو هاوڵاتیان بێ گوێدانە بیروباوەڕی دینی، پەیوەندییە کەلتوورییەکان، نەتەوە، یان ناسنامەی ڕەگەزی.

## بەردەوامی شارستانی و ئەگەری بنیاتنانی گوتارێکی نوێی ڕیفۆرمخوازانە

لێکدانەوەی کەلەپووری زەردەشتی وەک پێکهاتەیەکی شارستانی هاوبەش نەک ناسنامەیەکی نەژادی تایبەت دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ نزیکبوونەوەی کەلتووری لە نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و گۆڕینی جیاوازی ئایینی و مەزهەبی لە سەرچاوەی ململانێوە بۆ سەرچاوەی دەوڵەمەندی شارستانی.

لە ناو ئەم چوارچێوەدا، دەستەواژەی "موسڵمانانی زەردەشتی" دەکرێ وەک دەربڕینێکی مێتافۆریک تێبگەین کە ئاماژەیە بۆ مەیلێکی فیکری چاکسازیخواز لەناو کایەی ئیسلامی هاوچەرخدا کە هەوڵدەدات ئیلهام لە ڕەهەندە عەقڵانی و مرۆڤدۆستەکانی میراتی شارستانی ناوچەکە وەربگرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرهەڵدانی شوناسێکی دینی نوێ یان چوارچێوەیەکی عەقیدەیی جێگێرەوە بکات.

## کۆتایی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دینێکی نوێ نییە؛ پێویستی بە ڕۆحێکی نوێ هەیە بۆ تێگەیشتن لە دین.

وەرگرتنی ئیلهام لە ڕەهەندە عەقڵانی و مرۆڤدۆستەکانی میراتی شارستانی ناوچەکە- لەوانەش نەریتی زەردەشتی- دەکرێ یارمەتیدەر بێت بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵی نوێکردنەوەی گوتاری دینی لە چوارچێوەی فەرهەنگی ناوخۆییدا (الثقافة المحلية) لە ڕێگەی:

- بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی ڕەوشتی تاک
- پشتگیریکردن لە کولتوری فرەیی و قبوڵکردنی جیاوازی

• بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی گرژییە تائیفییەکان
• چەسپاندنی چەمکی دەوڵەتی مەدەنی
دەشێ، ئەم ڕێڕەوە یارمەتی بنیاتنانی وتارێکی دینی بدات کە توانای باشتری هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئاڵنگارییەکانی سەردەم و پتر توانای ئەوەی هەبێت کە ڕۆڵێکی یەکخەری ڕەوشتی لە کۆمەڵگە هاوچەرەکاندا بگێڕێت، لە باتی ئەوەی ببێتە سەرچاوەی دابەشبوون.

## زەردەشتیگەری و ناسنامەی کوردی: دینی گەلی (Folk Religion) و هۆشیاری مێژوویی

### پێشەکی: ڕوانگەیەکی گشتی

گەر دینی گەلی پایە بێت و هۆشیاری مێژوویی پرد ، ئایا دوا ئامانج چییە؟
ئامانج ئەوە نییە کە هەموو کورد ببێت بە زەردەشتی، یان چینی موغان زیندوکەینەوە، یان ڕێورەسمێکی دینی نوێ بەسەر هەموودا بسەپێنین.
بەڵکو ئامانج گەیشتنە بە کوردستانێک کە تێیدا ڕۆحی فەرهەنگی بەهێزتر بێت لە سنوورە سیاسییەکان، و هۆشیاری هاوبەش قووڵتر بێت لە دابەشبوونی جوگرافی و سیاسی.

## زەردەشتیگەری و میراتی کەلتووری کوردی

زەردەشتیگەری دەتوانرێت وەک یەکێک لە کۆنترین نەریتە دینی و ڕۆحییەکان تێبگەین کە شوێنەواری مێژوویی لە سەر بەشێک لە پێکهاتەکانی فۆلکلۆری کوردی و کەلتووری هیمایی (ڕەمزی، سیمبۆلی) جێهێشتووە. سەرباری ئەوەی زۆرینەی کوردەکان ئەمڕۆ وەک موسڵمان

خۆیان ناس دەکەن، بەڵام شوێنەواری قۆناغە دینیەکانیێ پێشووتر لە کایەی فەرهەنگی فراوانتری ئێرانەوە لە هەندێک نەریت و ئایین ( ڕێورەسم) و دەربڕینی هیماییدا ئامادەن.

ئەم پێکهاتانە وەک سیستەمێکی دینی یەکگرتوو یان عەقیدەی زیندوو نەپارێزراون، بەڵکو وەک دەربڕینی کولتووری و فۆلکلۆری بەردەوام بوون کە بە تێپەڕبوونی کات دووبارە لێکدراونەتەوە و بنیات نراوەتەوە. بۆیە دەتوانرێت بە بەشێک لە میراتێکی مێژوویی و کولتووری قووڵتر هەژمار بکرێن کە ڕۆڵی هەبووە لە دارشتنی شوناس و هێما و نەریتی کورد.

هەروەها دەتوانرێن وەک یادەوەرییەکی مێژوویی زیندوو لە ناو کەلتووری باودا ( کەلتووری گەلی) ببیندرێن، کە نوێنەرایەتی سیستەمێکی دینی مۆدێرن ناکەن، بەڵکو میراتێکی تێکەڵە لە سیمبۆل، چیرۆک و ڕێورەسم کە هێشتا کاریگەرییان هەیە لە ناساندنی ناسنامە و کۆمەڵگا و جەژنەکان.

بەم مانایە، زەردەشتیگەری جێگرەوەی ناسنامە هەنووکەییەکان نییە، بەڵکو دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە قۆناغە مێژووییە قووڵەکان کە بەشدار بوون لە شێوەکردنی کەلتووری کوردی و بیرەوەریی دەستەجەمعی کۆمەڵایەتی.

## دینی گەلی(Folk Religion)

دینی گەلی (عامیانە، شەعبی) سیستەمێکە لە باوەڕ و کردارە دینییەکان کە بە شێوەی سروشتی لە ناو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤی پەرە دەستێنێت و بە ڕێگای ڕێورەسم و کرداری ڕۆژانە و چیرۆکی زارەکی دەگوازرێتەوە، نەک بە ڕێگای دامەزراوە دینییە فەرمییەکان یان دەقە دۆگماییە ناوەندییەکان.

تایبەتمەندییەکانی دینی گەلی:

1. لۆکاڵی و پەیوەندیدار بە ژینگەوە: پەیوەستە بە شوێن (شاخ، ڕووبار، سروشت) و یادەوەری ئەفسانەیی کۆمەڵگا.

2. زارەکی و نادامەزراوەیی: لە ڕێگەی چیرۆک و پەند و گۆرانی و ڕێوڕەسمەکانەوە دەگوازرێتەوە

3. پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە: وڵامدەرەوەی نیازەکانەو گرنگی بە پێویستییە ڕاستەوخۆکانی وەک چارەسەر، ڕزق، زاوزێ و پاراستن، دەدات

4. تێکەڵە (سینکرتیک) :تێکەڵکردنی باوەڕە فەرمییەکان لەگەڵ ئەوانی کۆن و گەلی (شعبی)، و بابەتە جادویی و ئەفسانەیەکان .

5. . بەردەوامیی مێژوویی: پاشماوەی بیروباوەڕی کۆن دەپارێزێت کە یادەوەری نەنووسراوی گەلان پێکدەهێنن.

## زەردەشتیگەری وەک دینی گەلی (عامیانە، شعبی) کوردی

لەم کۆنتێکستەدا، نابێت زەردەشتیگەری تەنها وەک دینێکی ڕێکخراو تێبگەین، بەڵکو وەک یەکێک لەو چین و توێژە ڕۆحی و کولتوورییە دێرینانەی کە کاریگەریان لەسەر فۆلکلۆر و نەریتی کوردی هەبووە. لەجیاتی ئەوەی ئەمڕۆ وەک سیستەمێکی بیروباوەڕی یەکگرتوو بوونی هەبێت، شوێنەواری لە هێما و ڕێوڕەسم و بۆنە فۆلکلۆرییەکاندا ماوەتەوە.

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەتوانرێت پێکهاتەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕی کۆنی ئێرانی ببینرێت، وەک ڕێزگرتن لە سروشت، سیمبولی ئاگر و ئاهەنگگێڕانی جەژنەکانی وەک نەورۆز. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم پێکهاتانە تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانە و دابونەریتەکان بوون و بوونەتە بەشێک لە کەلتوورێکی گەلی و فۆلکلۆرێکی فراوانتر .

وەسفکردنی دینی زەردەشتی وەک دینێکی گەلی و مللی کوردی، ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو کورد یەک بیروباوەڕی دینیان هەیە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ بوونی میراتێکی کولتووری و مێژوویی

هاوبەش کە لە دەربڕینە فۆلکلۆرییەکاندا دەردەکەوێت. بۆیە ئەم پێکهاتانە بەشێکن لە یادەوەرییەکی کولتووری بەکۆمەڵ نەک سیستەمێکی دینی.

## زەردەشتیگەری و هۆشیاری هاوبەشی کوردی

ئەم دیدگایە لە نیاز و پێداویستی بەهێزکردنی هۆشیاری هاوبەشی کورد و هەستی قوڵتری پەیوەستی و ئینتیما بۆ یەکتری لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا سەرچاوە دەگرێت، چونکە راستی کوردی ئەمڕۆ بە فرەچیرۆکی و پارچەبوونی ناسنامە لە ناو چوارچێوە سیاسییە جیاوازەکاندا دیاری دەکرێت.

ئەم رێچکەیە هەوڵدەدات چینە کولتووری و ڕۆحییە قوڵەکان هەڵبکۆڵێتەوە و زیندووبکاتەوە کە بەپێی مێژوو بەشدار بوون لە دروستکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کوردی.

لەم چوارچێوەیەدا، زەردەشتیگەری نە وەک باوەڕێکی تایبەت، بەڵکو وەک نیشانەی میراتێکی هاوبەشی کەلتووری و مێژوویی پێشکەش دەکرێت. گرنگی بە لایەنی (دینی گەلی – دینی مللی) دەدرێت، واتە نەریتە زیندووەکان، ڕێوڕەسمەکان، هێماکان و چیرۆکەکان کە نەوە بە نەوە گواستراونەتەوە.

ئامانج جێگرتنەوەی شوناسە دینیە هەبووەکان نییە، بەڵکو دروستکردنی چوارچێوەیەکی هاوبەشی کەلتوورییە کە یەکگرتوویی، بەردەوامی مێژوویی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات.

## ڕوانگەی کوردی

شرۆڤەکردنەوەی گەلی کورد لەڕێگەی چەمکی (دینی گەلی) و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشە ڕەوانیەکانی، هەنگاوێکی بنەڕەتییە لەپێناو بنیاتنانی هۆشیارییەکی هاوبەشی کوردی و هەستی یەکگرتووی هاوزێدی لەنێو کوردی هەر چوار پارچەی کوردستاندا.

ئەم پرۆسەیە تەنیا لە ڕەهەندە فەرهەنگی و دینیەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو بنەمای دیدێکی هاوبەش بۆ نیشتمانێکی ئازاد پێکدەهێنێت، هەروەها کولتوورێک کە فرەچەشنی و ئازادی لە باوەش بگرێت و گشت کەسێک تیایادا بەرپرسیاربێت لە پاراستنی دەستکەوتەکان و پێکهێنانی داهاتوویەکی باشتر.

## زەردەشتیگەرایی لە پۆلێنکردنی دینەکاندا

دینەکانی ئەمڕۆ دەتوانرێت بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:

• دینەکانی دەوڵەت، وەک لە عێراق و سوریا و بەریتانیا.

• دینە نەتەوەییەکان، وەک لە ئیسرائیل.

• دینە گەلییەکان( فۆلکلۆرییەکان)، وەک لە کوردستان.

## پەیوەندی نێوان دینی گەلی، هۆشیاریی مێژوویی هاوبەش و هۆشیاریی نەتەوەیی

کورد گەلێکە کە ڕەگ و ڕیشەی فەرهەنگیی هاوبەشی هەیە، بەڵام هۆشیارییەکی مێژوویی و نەتەوەیی یەکگرتووی نییە و هەر بۆیە گوتارێکی یەکگرتووی نییە. گوتاری کوردی ئەمڕۆ دابەش بووە بەسەر گێڕانەوەی کوردی-عێراقی، کوردی-سوریا، کوردی-ئێرانی و کوردی-تورک.

ئەمەش پرسیارێک دەوروژێنێت: ئایا ئاوەدانکردنەوەی دینی مللی کوردی دەتوانێت بەشداربێت لە پێکهێنانی هۆشیارییەکی هاوبەشی نەتەوەیی؟

ئەم پرسیارە لە ناوەڕۆکی خۆیدا باس لە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان دین و مێژوو و پێکهاتنی شوناسی دەستەجەمعی دەکات.

## یەکەم: ڕۆڵی دینی گەل لە دروستکردنی هۆشیاریی مێژوویی هاوبەش

دینی گەلی (بە پێچەوانەی گوتاری دینی فەرمی یان نوخبەیی) کۆمەڵێک بیروباوەڕ، کردار، نەریت، دەگرێتە خۆ کە خەڵکی ئاسایی پەیڕەوی دەکەن، و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی هۆشیاری مێژوویی لە ڕێگەی ئەم میکانیزمانەی خوارەوە:

1 - داڕشتنی چوارچێوەیەکی هێمایی و ئەفسانەیی

سیپارەی میتۆلۆژیا و سیمبۆلیکە. چیرۆک و داستانی سەرچاوە و موعجیزە و پاڵەوان و پیاوچاک و پیرۆزەکان دەگێڕێتەوە. ئەم چیرۆکانە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ئەکادیمییەوە مێژوویی نەبن، ئەم گێڕانەوەیان "کاتێکی پیرۆز" دروست دەکەن کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک و نەوە جیاوازەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. چیرۆکی عاشقێک، نەبەردێک، پاڵەوانێک ، پیرۆزێک، یان گەشتێک دەبێتە بەشێک لە بیرەوەری گشتی.

2 - بەرجەستەکردنی مێژوو لە نەریت و کردارە ڕۆژانەکاندا

کۆمەڵگا لە ڕێگەی جەژن، وەرزە دینەکان، یادکردنەوە و زیارەتەکانەوە، ڕووداوە مێژووییەکان یان دینیەکان دووبارە دروستدەکاتەوە و یادیان دەکاتەوە. بۆ نموونە، یادی کاوەی ئاسنگەر لە نەورۆزدا، عاشورا لە کولتووری شیعەدا یان جەژنی مەولود، ئەمانە ڕووداوەکان دەگۆڕن بۆ ئەزموونی زیندوو و( دووبارەبوو) کە دەبێتە مایەی بەهێزکردنی هەستی وابەستەگی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و نەوە جیاوازەکان.

3 - داڕشتنی ڕەوشت و بەها هاوبەشەکان.

دینی گەلی بەهاکانی وەک بەخشندەیی، بوێری، سەبر و قوربانیدان وەک بەهامەندی (فەزیلەتی) باوباپیران دەچێنێت. ئەمەش هەستێک لای مرۆڤ دروست دەکات کە ناسنامەی ئەمڕۆ درێژەپێدەری مۆڕاڵ و ڕەوشتی ڕابردووە، و وابەستەبوون پێوەی قوڵتردەکاتەوە.

4 - دروستکردنی زمان و هێما هاوبەشەکان

دینی گەلی، پەند، چیرۆک، گۆرانی و هێمای (وەک خۆر یان ئاگر) بەکار دەهێنێت و دەیانکات بە ئامرازێکی پەیوەندی و بەبەشێک لە یادەوەری هاوبەشی کۆمەڵگا. ئەو

هێمایانەی کە دینی گەلی بەکاریان دەهێنێت، لە هۆشیاری گشتی خەڵکدا واتای مێژوویی قوڵیان هەیە.

دەرەنجام: دینی گەلی تەنها مێژوو تۆمار ناکات. زیندووی دەکاتەوە و دەیکات بە بەشێک لە ئەزموونی ژیان، بەم شێوەیە هۆشیارییەکی مێژوویی پرسۆز و هاوبەش بەرهەم دەهێنێت لە سەرووی گێڕانەوەی فەرمی.

## دووەم: ڕۆڵی هۆشیاریی مێژوویی هاوبەش لە دروستکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی

هۆشیاری نەتەوەیی بریتییە لە هەستی وابەستەگی بە نەتەوەیەک کە شوناسێکی دیاریکراو و چارەنووسی هاوبەش و مافی چارەنووسی هەیە. هۆشیاری مێژوویی ئەم پڕۆسەیە بەم شێوەیە بەهێز دەکات:

1 - بنیاتنانی ناسنامەی هاوبەش "ئێمە":

هۆشیاری مێژوویی هاوبەش سنووری گروپەکان دیاری دەکات و دیاری دەکات کێ سەر بە میللەتە.

2 - دروستکردنی بەردەوامی و چارەنووسی هاوبەش:

ئەندامانی نەتەوە هەست دەکەن کە بەشێکن لە زنجیرەیەکی بەردەوام لە ڕابردووەوە بۆ داهاتوو. دەستکەوتەکانی باوباپیرانیان سەرچاوەی شانازی کۆمەڵە و تراژیدیاکانیان بانگەوازێکە بۆ یەکڕیزی و هاوپشتی. ئەمە هەستێکی "چارەنووسی هاوبەش" دروست دەکات کە بەردی بناغەی هۆشیاری نەتەوەییە.

3 - دابینکردنی ڕەوایی بۆ شوناس و بوونی سیاسی

بەردەوامی مێژوویی لەگەڵ شارستانیەت یان دەوڵەتانی ڕابردوودا شەرعیەت بە ناسنامەی نەتەوەیی دەبەخشێت.

4 - گۆڕینی جوگرافیا بۆ نیشتمان:

هۆشیاری مێژوویی خاک بە یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانەوە دەبەستێتەوە. مێژوو جوگرافیا دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی گرنگی ڕۆحی و مێژوویی- واتە بۆ نیشتمان.

**پەیوەندی دیالکتیکی:**

پەیوەندی نێوان دوو چەمکەکە هێڵی و ڕێک نییە، بەڵکو بازنەیی و کارلێککارە:

دینی گەلی، هۆشیارییەکی مێژوویی هاوبەش دروست دەکات، کە هۆشیاریی نەتەوەیی خۆراک دەدات ، کە ئەویش هەمیسان دینی گەلی لەقاڵب دەداتەوە و بەکاری دێنێت.

واتە:

- دینی گەلی یادەوەری سیمبولی دروست دەکات.
- ئەم یادەوەریە دەبێتە هۆشیاری مێژوویی هاوبەش.
- پڕۆژە ناسیۆنالیستییە مۆدێرنەکان ئەم هۆشیارییە بەکاردەهێنن بۆ بنیاتنانی ناسنامە.
- ناسنامەی نەتەوەیی سیمبولەکانی فۆلکلۆر بەکاردەهێنێتەوە و گەورە دەکات، دووبارە هۆشیاری مێژوویی بەهێز دەکات.

بەکورتی: دینی گەلی ئەو کۆگایەی سیمبۆل و سۆزە کە کۆمەڵگاکان یادەوەریەکانی لێوە دەهێنن، هۆشیاری مێژوویی هاوبەشیش ئەو پەیکەری گێڕانەوەیە کە ئەم هێمایانە دەهۆنێتەوە بۆ یەک چیرۆکی بەکۆمەڵ. هۆشیاری نەتەوەییش ئەو چوارچێوە سیاسی و شوناسیەیە کە ئەم چیرۆکە دەکاتە بنەمایەک بۆ کردەوەی دەستەجەمعی و پڕۆژەیەکی هاوبەشی ڕۆژگارانە. ئەم کارە جوگرافیا دەگۆڕێت بۆ نیشتیمان.

**کوردستان تا ئەمڕۆ جوغرافیایە نەک نیشتیمان، چونکە مێژوویەکی نییە پێکەوەی ببەستێتەوە.**